

# یادەوەرییەکانی نەی نەوا



کەریم دەشتی

هەمیشە خەیاڵێك دەمباتەوە سەر زێیە دوورەکانی بابل
ئەو زێیانەی لەوێ بەدەم سەمای زەریە خەمگینەکانەوە
نەزری ئەبەدیم هەڵدەگرت تا بۆ ئەبەد با هەڵنەکات
ئەو دەنگانەم لێ برفێنێ
کە هەمیشە وەك خوڕەی چەم وەك هەڵمی سپێدەی گیا
لە کەلیسا دوورەکانەوە بانگیان دەکردم
ئەو دەمانەش کە بەسەر باڵی شەوقەوە دەگەیشتم
لە تاو سەمای جوانیو شاپەڕی ئاسکان دەمردم
یا ئەو ناڵەیەی لە دوورترین کوختی قامیشەڵانەوە دەهات
کە ناڵەی ئەو عاشقانە بوو لەبەر تای ئەشق کەوتبوون
نەی نەوا ئۆرۆکی ماندووتر لەو کچە قەفقاسیانەی
لە بەیانەوە  تا ئێوارە شلکەی رانیان دەبەخشن
بەو چاوە زیتانەی هەوەس لە هۆش خۆی بردبوون
وەك ئەوەی لە چاوەڕوانی قوڵینگان هەزار ساڵە نەخەوتبن
ئێستاش بریقەی ئەو شوشە شکاوانەی سەرخۆشەکان
لەدوای گریانی سەختی خۆیان
بە دیوارەکانی بابلیان دادەداو
بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد..
هەی داد هەی بێداد ئاگری ئەڤین چ پەندێکی گرانە
ئەو دڵانە لە کوێ پڕکەین لە هێوریو بە ئاوی زێیەکانی دادەین
ئەو تەنکە نەمامانە لە کوێی رۆحمان حەشار بدەین
ئەو هەموو گۆرانیانە چۆن بچڕین

که له سپێدەوە تا شەفەقی سەختی نیوەشەوان
هزری پڕکردووین له خەون
خەریکە سینە شەقدەکەن
لە گلێنەما روناکی دەبەخشن بە کەون
نەی نەوا ئەوەی لای تۆم جێهێشتبوو
دەسماڵێکی خوێناویی سێ چوار پارچە پەلکە لیمۆو
چەند لاسکە رێحانێکی مەلەکشا بوو
کە لە ئێوارەییێکی درەنگی باراناوی بەسەربانی مەل ناردبووی
بارانیشی راسپاردبوو بە فێنکیی هەورێکی پاییزە دایانپۆشێ
ئێستاش بەو بۆنو بەرامەوە تا ئێرە هاتووم نەینەوا
تا دەمی مەرگیش گۆمی پڕ خوێنی دڵم
بەمەوە لێوارەکانی تەژی گوڵجارە
ئەوەی لای تۆم جێهێشتووە
گەڵای زەردی رۆحمە
کە پاییزێ ئاسکێ دایە دەست خاکو خۆڵت
ئێستاش هەموو سارە پاییزانێ پەلك پەلك
دەکەوێتە کۆشی بنارە دوورەکان
ئای نەی نەوا توخوا نەی نەوا هێدی تر ئاوابە بابل هێشتا
شاژنێکە بەسەر قەیسەریی قەڵاوە چاوەڕوانی یەمامە دەکات
سوارەکانی بایەزید لە دوورەوە ببینێو نوقڵانەی هاتنیان بدات
دەستە دەستە مەیفرۆشەکانی شار
مۆمی عەنبەری زلیان هەڵگرتووە
سینیی زێڕیان بەدواوەیە، کە پڕیەتی لە هەڵمی شەکرو نەبات
هەموو بەرەو لای ئاوباری یادەوەریم بەڕێکەوتوون
من هەزاران جار لەو ئاوبارانەوە بەسەر درەختی کاژەوە
بانگی سەناریام کردووە
سەناریا سەناریا ئەی گوڵە جوانەکەم چەند دووری
دەنگم بووە بە ئاو رژاوەتە کەنارەکانەوە
هەزاران جار لە باوەشی سەناریادا
سەیری مانگم کردووە سەناریا سەناریا ئەی ئەی پەلکە گیا
تیشکی چاوم بۆتە باران بەسەر جەستەما باریوە
سەناریا سەناریا ئێستە لە کوێی
ئای چەند زوو من تۆم ونکردو ئەندێشەم کوژایەوە
نەی نەوا پاوانە دێرینەکەی مناڵیم
ئەوەندە سینەی خۆت مەکوشە

دەترسم سەناریا بتوێتەوە
ئەوەندە هەناسە هەڵمەكێشە
دەترسم سەناریا بۆ ئەبەد بكوژێتەوە
ئێستاش وەك كەسێكی شێت
نا نا چوزانم وەك كتێبێكی پەرپوت
وەك نارنجێكی لەبەر هەتاو سووتاوی بەر پێت
ناخم پڕە لە بیرەوەرییەكانی تۆ
دەمەوێ بگەڕێمەوە بازاڕەكانی بەتلیس
كە تازە چۆڵبووە لە كچان
لەوێوە وەك غەریبێ نە كەسی دیبێ و ناسیبێ
دووبارە بێمەوە لات
بێمەوە ناو باوەشی گەرم و گوڕت
بێمەوە ناو ئەو كوچەو كۆڵانانەی منیان دەبردەوە بەهەشت
یەك یەك ئەو پەنا و قەلا بڵندانە بەسەركەمەوە كە شەوان
لە ژێر پەلكی لیمۆی سندوسێ دەیانشاردینەوە
بچمەوە سەر ئەو كانییانەی
وێنەی تۆم بە ئاوی روونیان دەشوشتەوە
یا ژێر ئەو سپیندارانەی گۆرانیت لە ژێریا دەچڕی.. گۆرانی
خودایە با مانگ ئاوابێ نەوەكا بەدكار بمانبینێ
خودایە با خۆر هەڵنەیێ تا لە باوەشیا مانبگرم
رێمان دوورەو سپێدە وەك رەشەبای تووش هەڵماندەگرێ
نەی نەوا ئای نەی نەوا چەند دووری
ئێمە لە یەك جۆگەلە رژاوین و لە یەك فەریكا خوڵقاوین
بەیەكەوە مەست دەبووین
كۆمەڵە نەشئەیێكی كورتخایەن بووین
بەسەر ئینجانەی یادەوەرییەكاندا شكاوین
بیرتە لە مانگەشەوێكی سارد ساردا
وەك ئێستای دڵی من سارد
بەسەر لێوارەكانی ئامەدەوە شۆڕدەبووینەوە
یەك یەك
ئەو گەلا زەردانەمان دەژمارد كە لە رۆحمانەوە دەوەری
منیش ورد ورد گۆرانیم دەچڕی.. گۆرانی
ئێمە دوو خەمگینترین عاشقین كەون بەشی ئێمە ناكا
دوو راكردووی بەرەكانی خۆرنشینی خەمگینی بۆتانین
سەرمان هەڵگرتووە بەرەو تۆ ئەی نەی نەوا

تۆ بەهەشتێکی چەند دووری کە پڕی لە خەونی ئێمە
ئێمە ون لەم کەونە
ئێمەی نەخشێکی ئاڵۆز لەم تەونە
ئای نەوای نەی ئاخۆ کەی دەگەم بە تۆ
ئێمە لە بای سەرِ سەرِ ئاسیَ بووینە یا لە مەلەکوتی خودا
یا ئەشقی ئێمە ئەوەندە گەورەیە جێی لە زەوی نابێتەوە
توخوا نەی نەوا لەبیرت نەچیَ
دووان لە ونبووترین عاشق بەرەو لای تۆ بەڕێکەوتوون
دووان لە بخور
لە شەوق و نوور
دووان لە تەم لە تەمتومان
دووان لە شەوبۆی ناو لەپی شینی ئاسمان
توخوا نەی نەوا لە بیرت نەچیَ
هەمیشە خەیاڵێك دەمباتەوە ناو گەڵامێوەکانی باکوور
بۆ ناو ئەو مەیخانانەی ساقییەکانی لە بادەمی خوا خوڵقاون
سەماکارە جوانەکانی کۆمەڵە شەتڵێکی زیوینن
بەسەر باڵای سەرخۆشەکاندا شکاون
هەمیشەو بۆ ئەبەد وەسوەسەییَ لە پلوپۆم دەخات
وەسوەسەی تۆ ئەی نەینەوا چ وەسوەسەییێکی شیرینە
هاکا وەکو دیوارێکی ئەو قەڵایە
لە پاییزییێکی درەنگا بهەڕمێم و
هەر ئێسقانێکم قەدەریَ بیکاتە خۆڵی مەرکانە
ئەوسا کە بایَ لەو بایانەی
من هەمیشە لەگەڵیا مەست دەبووم
ئەو بایانەی کە هەڵیدەکرد خێرا خێرا دەستی تۆم دەگرت
دەچووینەوە سەر ئەو گردانەی
لەوێوە منارە بریقەدارەکانمان دەدیت
تا ئەوکاتەی مانگ بەدزییەوە
لە پشتی باڵی باشوکەکانەوە هەڵدەهات دەماینەوە
بەسەر گەڵاکانی جەستەم رادەبووریَ
کزەییێك وەك پۆلیە گڕیَ هەموو برینەکانم دەکولێنێتەوە
نەینەوا چەند دووری ماڵەکەی تۆ لە لای ماڵی خودایەو
دەرگاکانت بە پرچی فریشتەکانی ئەڵقە دراوە
بمەویَ بگەم بە تۆ دەبیَ بگەم بە خودا
ئەفسوس بۆ بووی بە خودا؟ بۆ؟